# بانکی ناوەندی: شۆنکی تایبەت بە بانکە ئەهلییەکان لە فڕۆکەخانەی بەغدا بە فرۆشتنی دۆلار دەکرێتەوە

ئەنجوومەنی وەزاری ئابووری عێراق بەسەرپەرشتی وەزیری دەرەوەی عێراق کدەبێتەوە و پارێزگاری بانکی ناوەندیش ئاماژە بەوە دەکات، شۆنکی تایبەت بە بانکە ئەهلییەکان لە فڕۆکەخانەی بەغدا بە فرۆشتنی دۆلار دەکرێتەوە.

فوئاد حوسێن، جێگری سەرکۆوەزیرانی عێراق بە کاروباری ئابووری وەزیری دەرەوەی عێراق سەرپەرشتی سی و یەکەمین کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزاری ئابووری کرد و بەگوێرەی راگەیاندراوی نووسینگەی راگەیاندنی ئەنجوومەنەکەش، عەلی موحسین عەلاق، پارێزگاری بانکی ناوەندی عێراق لە کۆبوونەوەکەدا رایگەیاندووە، بەهای دۆلار لە عێراق پەیوەستە سەر بە نرخی نەوتەوە.

پارێزگاری بانکی ناوەندی عێراق هەروەها لە بەشکی دیکەی قسەکانیدا ئاماژەی بەوە کردووە، دزەکردنی دۆلار بە وڵاتانی دراوسێ کاریگەری لەسەر بەهای دۆلار هەیە.
روونیشیکردووەتەوە، بەهای دۆلار لە عێراق تایبەتمەندی خۆی هەیە.

عەلی موحسین عەلاق باسی لەوەو کردووە، شوێنێکی تایبەت بە بانکە ئەهلییەکان لە فەکەخانەی بەغدا بە فرۆشتنی دۆلار دەکرێتەوە.